پەڕۆی سووری سەرچۆپی

سەلام ئیبراهیم زادە
(بۆکان)

کچێ وشیار بی، کچێ دەستی منت بە دامێنێ، نەچی سواری دووچەرخە و موچەرخە بی، نەچی لە بڵیندایی ڕا باز بدەی و هەڵبەز دابەزێ بکەی، کچێ بە خوڵای بناوت بتۆقێ، تازە دەبێ سەرت دەقوڕێ نێی و هەتا دەمری دەبێ بووکی ماڵە باوانت بی.

کچێ نەنەت لەسەر سەرێ گەڕێ، خۆ تۆ دەڵێی ئەولادی پیاوچاک و شێخ و مشایەخانی، دەور و زەمانەکەی هەو نییە، زۆر پیسە کچم.

کچەکەی ماڵە مەلا سوورەت دەبیر نییە؟ براکانی لەسەر ئەوەی لەگەڵ کوڕێک چاوەچاوی کردبوو، بە مست و پێلاقان تێی بەر بووبوون، دەیانکوت بەو لێدانە بنی پڕژا بوو، خوێن میزت بوو! هەر ئەوێ ڕۆژێ خێرا گاڵۆنێکی نەوت بەخۆی دا دەکات، خۆی سووتاندبوو.

ئەدی کچی گەورەم، هەتیو و مەتیو هەڵت نەفریوێنن، دوایی نەڵێی نەنێم ئەو نەسحەتانەی پێ نەگوتووم، بەخوڵای بەخوڵای هەتا هاتنێ محەمەدی مەهدی دەبێ هەر دانیشی و سەرت دەقوڕێ نێی و پرچی سپی بهۆنییەوە.

تۆ نازانی چەندان کچی چارەڕەش و ماڵوێرانم دیتوون، پاش مردنی مێردی هەوەڵێم، قەرەواشی ماڵە ئەو ئاغایەی ڕەحمەتی بووم، خانمۆڵی کچی ئاغای منداڵ بوو، بەتەنێ لە وەتاغێ نووستبوو، سەپانێکی خولۆرکاوی ڕمۆزنیان هەبوو، گۆرەوی لە زارێ خانمۆڵی ڕۆ دەهاوێ، هەتا ئەتکی نەکا ناهێڵێ جووڵەی بکا. دوایەش خانمۆڵێ زاتێ ناکات باسی بکات و نەیوێرا ئەو کەتنەی بدرکێنێ، پاش دوو سێ ساڵان خانمۆڵێیان بە مێرد دا، ڕەبی گڵ هاواری بۆ نەبا، کوێر بم هەر لە شەوی بووکێنیدا زاوا ئەوەندەی بە قامچی و قوڵەداران لێدابوو پشتی لە زگی نەرمتر بووبوو،

هێنایانەوە ماڵە باوانی، هەر دوو ڕۆژان ژیا.

ئەدی ئەمنت لەسەر سەری گەڕێ، ئەوی نسحەتی بە تۆی دەڵێم، هەمووم قەدیم بە دایلێشت گوتوون.

ئەلحان دوکتۆر و موکتۆریش هەن، دەڵێن پێش وەی بتگوێزنەوە، دەچی دوکتۆر دەتبینێ، لە پاشان کوتە قاقەزێکت دەداتێ کە بەڵێ ئەوە کچێنییەکەی ساغە و ئاوەهایە، بە ڕووی سوورەوە دەچییە ماڵە مێردێ.

زەمانی مە چ ئەوهە قاقەز و ماقەز و شتی ئاوەها نەبوون، لە شەوی بووکێنیدا پێش ئەوەی زاوا بێتە پەردووی بووکێ، خامێکی سپی ڕادەخرا. بووک دەبوو پاش ئەوەی زاوا وەدەر دەکەوێ ماڵە زاوای یەکە یەکە هەر لە خەسوو و دشرا بیگرە هەتا پلک و براژن و خزمی دوور و نزیک، بێنە ژوور و چاو لەو دوو تکە خوێنە بکەن کە دوایە قسە و قسەڵۆکان نەدەنە پاش بووکێ، دوایی بەربووک خامەکەی دەبردەوە ماڵە باوانی بووکێ، چاوڕۆشنی وەردەگرت، پاشی ئەو بێنە و بەرێیانەی وەک پرێسکەیەکی خۆشەویست هەڵمان دەگرت. هی وابوو دەیگوت ئەگەر مردم لەگەڵ کفنێ بۆم دەنێو قەبرێ بخەن.

بەسەرێکی ئەو بابە نازدارەت ڕوحم دەسەری گەڕێ، ئەمن مێردی هەوەڵێم کە چوومە ماڵێی، شەوێ ورد و درشت ڕژابوونە هۆدەی، ئەمەش ئەوە دەناو هۆدەی داین. بەربووک ئەوە لە سەر شۆرکەی دانیشتووە، بەخولای هەتا پەڕۆیان لەسەر مەجۆعمەی دانەنا و هەموو نەیاندیت، کەس نەڕۆیشتەوە ماڵە خۆی، دەتگوت چاوەڕوانی تۆڵەی خوێنی باوانیان دەکەن.

خۆ من چم لێ حاڵی نەبوو، لە شەرمان لێفێکی زەلامم وەسەر سەرم کێشابوو، نیو گەزم هەر لە زارێم ئاخنیبوو بۆوەی نووزەم لێوە نەیە. چووزانم کچێ، بەربووک دەیکوت دەنگت بێ، حەیات دەچێ! دەڵێن ئەوە پێی خۆشە و حەتمەن خراپەکارە.

بەسەری توو تا ڕۆژ نەبۆوە زاوام هەر نەدیت.

ئەو چەند ساڵە، زۆری ئەو قسانە بیستبوو، قسەکانی نەنکی لە مێشکیدا گێژ و خولیان دەدا.

شەوی بووکێنی هەتا بەیانی هەر گریا، لەو چاردە ساڵەی تەمەنیدا قەت نەیوێرابوو، تەنانەت شەقاوێکی توندیش هەڵێنێتەوە.

هەستی کرد ئەوشۆ شتێکی زۆر بەنرخی لەدەست داوە، پەڕۆی ڕووسووری خۆی دا دەست زاوا، چاوێکی لە زاوا کرد، زاواش لە خۆشیان هەر خێرا خێرا چاوی لەو دوو سێ پەڵە خوێنە دەکرد و بە قۆڵی کراسەکەی بە چەپ و ڕاستدا چڵمی دەسترپی و پێدەکەنی، پەڕۆ خوێناوییەکە دەست بە دەست دەنێو بنەماڵەی زاوادا لەسەر مەجۆعمەی گەورە لەسەر سەری بەربووک کەوتەگەڕ، وەک ئەوەی متفەڕک بێت و لەسەر و دەموچاویانی هەڵسوون و حەوت دەردی جەرگبڕی پێ چارەسەر بکەن.